## نەسیر شەممە:

# دەنگی هونەرمەندانی کورد تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و قورگیشیان وەک ئەو شوێنەیە کە تێیدا دەژین

مەحاڵە لە کاتی باسکردنی ئامێری عود، هونەرمەند نەسیر شەممە نەیەتە یادمان، بەو پێیەی کە توانی پلەیەکی گەورە لەسەر ئاستی جیهاندا بەدەست بهێنێت و تەنانەت توانی ئەو ئامێرە بگەیەنێتە ئاستی سەمفۆنیا جیهانییەکان، ئەگەر چی ئامێرێکی رۆژهەڵاتی کۆنە. «زریابی چاخی نوێ»، ئەو نازناوەیە کە هەمیشە دەدرێتە پاڵ نەسیر شەممە، بەو پێیەی توانی هەستانەوەیەک بۆ ئامێری عود بهێنێتەدی . ئەو هونەرمەندە هەرگیز رەچەڵەکی خۆی و کوردبوونی خۆی لەیاد نەکردووە و هەمیشە باسی دەکات و داکۆکی لێدەکات. لەم دیمانەیەشدا وەڵامی چەند پرسیارێک دەداتەوە.

*** وەك دەزانین لە تەمەنی ١١ ساڵیدا دەستت بە ژەنینی عود کرد و لە ساڵی ١٩٨٧ لە پەیمانگای نەغمە لە عێراق خوێندنت لە بواری عود تەواو کرد و دواتر بوویت بە ژەنیارێکی پیشەگەر و پسپۆڕ لە ئامێری عود، ئایا هیچ پێوەندییەك لە نێوان ئامێرە موزیکییەکانی کورد و عود هەیە؟**

- ئامێرە موزیکییەکان بە شێوەیەکی گشتی پێوەندییان بە ناسنامەی موزیکەوە نییە، واتە هەر ژەنیارێك ئامێرەکان بە گوێرەی کەلتوور و فەرهەنگی خۆی بەکاری دەهێنێت، بۆ نموونە ئامێری عود لە هەموو جیهان هەیە و بەکار دەهێنرێت، بەڵام بە زاراوەی تورکی، یان عێراقی، یان میسری، یان مەغریبی بەکار دەهێنرێت، ئەمانە هەمووی گۆڕانکارییە کەسایەتی و کەلتووری ژەنیارەکە دەیخاتە سەر ئامێرەکە و خودی ئامێرەکە دیاری ناکات، چونکە ئامێرەکە یەکە و ناگۆڕێت و ئەوەی ژەنیارەکە بۆی دیاری دەکات، ئامێرەکە ئەوە دەخاتە بەر گوێچکەمان، موزیکی عێراقی فرە مەقام و فرە ئیقاعە و چەندین کۆم لەخۆ دەگرێت، کە ئەوانیش بریتین لە پلەی دەنگی جوڵاو و جیاوازە، بۆ نموونە ئەو بەیاتەی لە میسر گوێمان لێی دەبێت، جیاوازە لەوەی لە عێراق، یان لە مەغریب بەر گوێمان دەکەوێت، ئەم جیاوازییانە ناسنامەیەکی موزیکیی تایبەت بە موزیك دەبەخشێت و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە.

*** پاشەڕۆژی هونەری رەسەن چۆن دەبینی، بەتایبەتی کە ئێستا جۆرە هونەرێکی دیکە لە سەرتاسەری جیهان باوە و جیاوازە لەو هونەرەی کە لە ساڵانی رابردوودا پێشکەش دەکرا و رەسەنایەتی پێوە دیار بوو؟ چۆن دەتوانین ئەو هونەرە رەسەنە بپارێزین؟**

- پاراستنی موزیکی رەسەن ئەرکی ئەو کەسانەیە کە لە کۆلێژ و پەیمانگاکان کار دەکەن لەگەڵ ئەو شێوازەی پەیڕەوی دەکەن لە کاتی وانە وتنەوەدا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی پتەوکردنی تێگەیشتن لە کەلتوور، پێویست ناکات بە درێژایی تەمەن دانیشین و خەڵك فێری کەلتوور بکەین، بەڵام تێگەیشتنی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی پێوەی پەیوەست بین لە هەمان کاتدا لێی جیا بینەوە بۆ هێنانەدیی هونەرێکی هاوچەرخ، ئەزموونە هاوچەرخەکانی هونەر لە هەموو بوارەکاندا وەك شێوەکاری و هەموو ژانرەکانی دیکە دوای بە یەکگەیشتنی هونەرە کۆنەکانی پێشوو لەگەڵ هونەری کلاسیکی هاتوونەتە ئاراوە، تێگەیشتن لە کەلتوور و پاشخانی ئەو کەلتوورەی لەبەر دەستدایە، رەنگە وامان لێبکات ئاسۆی نوێ بکەینەوە بۆ وشیارییەکی موزیکیی نوێ لە هەمان کاتدا وشیارییەکی کەلتووریی نوێ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەوربەرماندا روودەدەن، چونکە زەحمەتە ئیمڕۆ موزیك وەکو خۆی بمینێتەوە دوای ئەو قۆناغە جیاجیانەی کە ناوچەکە لە ساڵانی رابردوودا بەخۆیەوە بینیوە،



پێویستە گۆڕانکارییەك بێتەئاراوە، ئەم گۆڕانکارییەش هەر روودەدات، رەنگە هێواش بێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە قۆناغەکانی داهاتوو روودەدات و دێتەئاراوە، چونکە وەك گوتم ناکرێ بەدەر بین لەم گۆڕانکارییە.

*** دەربارەی هونەر و موزیکی کوردی بە گشتی زانیاریت زۆرە، بەڵام ئایا پێوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی کورد هەیە؟**

- کوردە نەتەوەیەکە کە خاوەن زمانی تایبەتی خۆیەتی و لەنێو زمانەکەشدا چەندین زاراوەی جۆراوجۆری هەیە کە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت، کەلتوور و فەرهەنگی کوردی زۆر کۆنە، چونکە کورد دانیشتووی رەسەنی ئەم ناوچەیەن و بە کۆنترین نەتەوە دادەنرێن لە سەردەمی ئاشوورییەکانەوە تا ئێستا، بۆیە کە باس لە کورد دەکەین، پێویستە باس لە کەلتوورێکی کامڵ بکەین لە زمان و دابونەریت و جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوە، هەرچەندە پەرت و بڵاو بوون بەسەر پێنج وڵاتدا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش نەتەوەیەکە توانیویەتی هێز و فرەیی خۆی و هونەر و دابونەریتەکانی خۆی بپارێزێت، زۆر هونەرمەندی کورد هەن کە زۆر بەتوانا و دەگمەنن لە بواری هونەری خۆیاندا لە عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا، لە بواری موزیکی کورد خاوەن شوناسی زۆر تایبەتی خۆیانن.

*** ئەی سەبارەت بە دەنگی هونەرمەندانی کورد؟**

- دەنگی هونەرمەندانی کوردیش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، تەنانەت قوڕگیشیان وەك ئەو شوێنە جوگرافیایەیە کە تێیدا دەژین، زۆر لە کوردان لە ناوچە چیاییەکان دەژین، دەنگیشیان لەو کەشوهەوایەوە وەرگیراوە، هەروەها ئەو ئازار و حەسرەتەی لە گۆرانییەکانیاندا بەدی دەکرێت، هەڵقوڵاوی ئەو چەوسانەوەیە کە کورد بە دەیان ساڵە بە دەستیەوە ناڵاندوویانە لەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین، بەڵام ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، هیوایەکی بە کورد بەخشی بەوەی جارێکی دیکە وەکو نەتەوەیەك دووبارە هەست بە بوونی خۆیان بکەنەوە و کەلتووری خۆیان کۆ بکەنەوە، پێموایە هەر کاتێك دووبارە شوناسی خۆیان دۆزیەوە زوو درك بەوە دەکەن کە هێزی ئەوان لە جیابوونەوەدا نییە، بەڵکو هێزیان لەوەدایە کە بەشێکی ئەکتیڤ و کاریگەر بن لە دەوڵەتێکی بەهێزدا، ئەمەش سوودی بۆ هەموو لایەك دەبێت.

## نەوال زوغبی:

# بۆ من هونەر سەرچاوەی ژیانە

نەوال زوغبی یەکێکە لە هونەرمەندە سەرکەوتووەکانی لوبنان کە چەندین ساڵە بەردەوامە لە گۆرانیوتن و بەردەوام هونەرەکەی لە پێشڤەچووندایە و خاوەن جەماوەرێکی زۆریشە.

سەبارەت بە گرنگیی هونەر لە ژیانیدا و ئایا سوودی هەبووە یان زیان، نەوال زوغبی لە دیمانەیەکدا دەڵێ: هونەر بۆ من سەرچاوەی ژیانە و ناتوام بڵێم هونەر ئازادی منی زەوت کردووە، بەڵام دان بەوەدا دەنێم ئەگەر هونەرمەند نەبوام، لە نێو خەڵك نەدەناسرام و ژیانم زۆر ئاسانتر دەبوو لە ئێستا و وەك هەر مرۆڤێکی دیکە ژیانی ئاسایی و سادەی خۆم بەسەر دەبرد، بۆ هەر شوێنێك حەزم بکردبا، دەچووم بە بێ هیچ کۆت و بەندێك، بەڵام خۆشەویستیی من بۆ هونەرەکەم هەموو ئەو شتانەم بیر دەباتەوە.

نەوال زوغبی ئاماژە بەوە دەکات کە زۆر جار داوای لێکراوە لە پاڵ گۆرانی روو لە نواندنیش بکات و لەم بارەیەوە دەڵێ: کاتێك لە قاهیرە بووم، چەندین جار لەلایەن زۆر لە کۆمپانیاکانەوە داوام لێکرا روو لە نواندن بکەم، بەتایبەتی لە بواری سینەما و بۆ ئەم مەبەستە چاوم بە چەندین دەرهێنەری گەورە کەوت، جگە لەمە چەند دەرهێنەرێکی بیانییش داوایان لێکردم کاریان لەگەڵدا بکەم لە چەند کارێکی سینەمایی گەورەدا، من سەرەتا زۆر بە جۆشەوە بابەتەکەم وەرگرت و گرنگییەکی زۆریشم بەو بابەتە دا، بەڵام بارودۆخی تایبەتی خۆم و بارودۆخی ناسەقامگیریی وڵاتانی عەرەبی وایکرد کە ئەم کارە ئەنجام نەدرێت، ئەوەی راستیش بێت بۆ من زۆر زەحمەت بوو بتوانم لە قاهیرە بمێنمەوە و کارەکەش وای دەخواست کە چەند مانگێك لەوێ بم.





# مەی تووشی گرفتێکی سەیر دەبێتەوە

کچە ئەکتەری کۆمیدی و بەناوبانگی میسری مەی کەساب رایگەیاندن کە یەکێك لەو تایبەتمەندی و سیفاتانەی خوای گەورە پێ بەخشیوە، بریتییە لە رازیبوون و قەناعەت، ئەمەش وای لێکردووە لەگەڵ خۆی و خەڵکی راستگۆ بێت و خەڵك زیاتر رێزی لێ بگرن و هۆکارێکیش بوو بۆ ئەوەی کە زیاتر خۆی لە خەڵك نزیکتر بکاتەوە و لەلای جەماوەر بە یەکێك لە ئەکتەرە خۆشەویستەکان و رۆح سووکەکان بناسرێت.

مەی سەبارەت بە خەشەویستیی جەماوەر دەڵێ: من جەماوەرەکەی خۆم زۆر خۆش دەوێ، هەر ئەوانیش وایان کرد من لەگەڵ خۆم راستگۆ بم، ئەو راستگۆییە وایکرد، من چۆن بم، وا خۆم نیشان بدەم، بۆیە بە هەموو شێوەیەك لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری دوورکەوتمەوە، ئەگەرچی هەندێك جار هەست دەکەم پێویستم پێی هەیە، ئەویش بۆ جوانکردن نییە، بەڵام بۆ چارەسەر کردنی هەندێك گرفتە، چونکە جوانیی رۆح لە پێشترە لە جوانیی روخسار. لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی حەز دەکات نەشتەرگەری بۆ کوێی بکات، مەی وتی: هەندێك جار هەست دەکەم روومەتم گرفتم بۆ دروست دەکات، بۆیە بیر لە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی بچووك دەکەمەوە، بەڵام تا ئێستا بڕیارم نەداوە.

دەربارەی کەسایەتیی خۆیشی دەڵێ: من هەمیشە بە مرۆڤێکی سادە و ساکار ناسراوم، بە درێژایی ژیانی خۆم هیچ خاڵێکی رەشم نەبینیوە کە ببێتە مایەی شەرمەزاری بۆ خۆم و خانەوادەکەم، تەنیا یەك رەخنەم لە خۆم هەیە، ئەویش ئەوەیە زۆر جار پەلە دەکەم لە بڕیاردان، واتە بە خێرایی بڕیار دەدەم، ئەمەش ناکرێ بە خاڵێکی رەش لە ژیانم دابنرێت.



# لە وەرزشەوە بۆ سینەما

بەر لەوەی کچە ئەکتەری ئەمریکی رۆندا روسی روو لە بواری نواندن بکات، پاڵەوانێکی ناوداری یارییەکانی هونەری جەنگیی تێکەڵاو و جۆدۆ و کاراتێ بوو، هەر لەم بوارەشدا چەندین مەدالیای جۆراوجۆری ئۆلۆمپی بەدەستهێناوە، لەوانە مەدالیای برۆنزی لە ئۆلۆمپیاتی پەکین ساڵی ٢٠٠٨، هەروەها پلەی دووەمی بەدەستهێناوە لە پاڵەوانیەتی جیهان لە یاریی جۆدۆ ساڵی ٢٠٠٧ و چەندین خەڵاتی دیکەی جۆراوجۆر، ئەم سەرکەوتنانەی رۆندا و پێکهاتەی جەستەیی وایکردووە کە سەرنجی دەرهێنەران و بەرهەمهێنەرانی سینەما بۆ لای خۆی رابکێشێت.

روسی دەربارەی ئەوەی کە کچێکی شۆخ و شەنگ و خاوەن بەهرەی هونەری بۆچی رووی لە وەرزشێکی توند و یارییە جەنگییەکان کردووە، دەڵێ: زۆر جار پێیان دەگوتم ئەو چالاکییانە چین کە زیاتر هانت دەدەن بۆ ئەوەی روو لە وەرزشی جۆدۆ و کاراتێ بکەی، بەڵام هیچ شتێك نەبوو کە هانم بدات، من لە یەك کاتدا سێ ئەرکم هەبوو، جگە لە مەشقی رۆژانەی بەردەوام، من هەمیشە هەوڵمداوە بەرگری لە نازناوەکانی خۆم بکەم، بەمەش توانیم چێژێك بە یارییە جەنگییەکان ببەخشم، ئەوەی زیاتر شانازیی پێوە دەکەم، ئەوەیە کە سەرەتا توانیم گومان بخەمە دڵی جەماوەرەوە کە بە گومان بن لە تواناکانم، بەڵام دواتر پێچەوانەی ئەوەیان بۆ بسەلمێنم.

دەربارەی نواندنیش دەڵێ: وێنەگرتنی زنجیرەی (The Ultimate Fighter) ئەزموونێکی باش بوو بۆ من، زۆر خۆشحاڵ بووم بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانم لەگەڵ کەسانی نوێ، بەڵام یانەی وەرزشی ئەو شوێنەیە کە من تێیدا دەتوانم بە سرووشتی خۆمی تێدا بدۆزمەوە.

شایەنی وتنە روسی یەکەم ئافرەتە کە رۆڵی هەبێت لەگەڵ تیمەکەی سلڤستەر ستالۆنی لە زنجیرە فیلمی The Expendables ئەمەش بە هۆی هەڵکەوتەی جەستە و ماسولکە بەهێزەکانی.



ئافرەتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو بە هۆی ئازادبوونی پارچەیەکی کوردستان و ئەو تێکەڵاوییەی لەگەڵ جیهانی دەرەوە درووست بووە، دەرفەتی زۆری بۆ رەخساوە کە بتوانێت وەک چۆن لە زۆربەی مەیدانەکانی ژیاندا جێگای خۆی بکاتەوە لە مەیدانی هونەریشدا جێ پەنجەی بە روونی دیارە، خاتۆ رۆژان فەیزی یەکێکە لەو هونەرمەندانە کە بە گوتنی گۆرانیی رەسەن و کلاسیک ناسراوە، رۆژان کە خەڵکی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە ئەمریکا نیشتەجێیە، بەم شێوەیە بۆ (گوڵان) هاتە ئاخافتن.

رۆژان:

# هونەری رەسەن بە زیندوویی دەمێنێتەوە

زۆر جار باس لە تێکەڵاوی فەرهەنگەکان و سوودوەرگرتنی هونەرمەندانی کورد لە کەلتوور و فەرهەنگی گەلانی دیکە دەکرێ، هەندێك پێیان باشە و هەندێکی دیکەش دژی ئەم کارەن، رۆژان پێیوایە ناکرێ ئێمەی کورد خۆمان لە دەرەوەی جیهانی ئێستا و ئەو تەکنۆلۆژییە بەدەر بگرین، چونکە ئێمەش بەشێکین لە جیهان بۆیە هەرچییەك لە جیهاندا رووبدات، کاریگەری لەسەر ئێمەش دەبێت، هونەریش لێی بێبەش نابێت لەم سۆنگەیەوە دەڵێم ئاساییە ئەگەر هونەری ئێمە بکەوێتە ژێر کاریگەریی هونەری جیهان.

ئێستا هونەری کوردی بە قۆناغێکدا دەڕوات کە زۆر جار بە بێ سەروبەر، یان بە زۆری و بۆری وەسف دەکرێت، لەم بارەیەوە رۆژان رایەکی تایبەتی هەیە و دەڵێ:

لەو قۆناغ و سەردەمە جیاوازانەی کە نەتەوەی کورد پێیدا تێپەڕیوە، هەمیشە شتی نوێ و گۆڕانکاری و شەپۆلی جۆراوجۆر بەسەر هونەری کوردیدا هاتووە، ئەمەش وەك گوتم گاریگەری راستەوخۆ و سەرەکی لەسەر هونەری کوردی دەبێت. هەندێك کەس پشتگیری لەو شەپۆلە دەکەن، هەندێکی دیکەش بە تێکدانی هونەری کوردی وەسفی دەکەن، بەڵام من دەڵێم تەنیا ئەو هونەرە دەمێنێتەوە کەوا رەسەنە و تایبەتمەندییەکانی هونەری کوردی تێدا پاراستووە و رەچاوی کردووە و ئەوانی دیکە تەمەنیان کورتە و زوو لەناو دەچن، ئەم بڕیارەش هونەرمەندان نایدەن، بەڵکو جەماوەرە ئەم بڕیارە دەدات و باش و خراپ جیا دەکاتەوە، چونکە هونەر بۆ جەماوەرە.

زۆربەی هونەرمەندانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەوە ناسراون کە زیاتر لە مۆسیقای کلاسیکییەوە نزیکن و گرنگی پێدەدەن، خاتۆ رۆژانیش یەکێکە لەو هونەرمەندانە کە مۆسیقای کلاسیك و سوننەتی لای ئەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەم بارەیەوە دەڵێ:

- هەموو جۆر و ستایلەکانی مۆسیقا جێگای تایبەتی خۆی لە ناو خەڵکدا هەیە، لە هەمان کاتدا جەماوەری تایبەتیشی هەیە. بۆیە مۆسیقای کلاسیکیی ئێمەش تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و زۆر هونەرمەند هەن ئارەزوو دەکەن تەنیا لەو رووەوە گۆرانی بڵێن و خزمەت بە هونەری کوردی بکەن. من بۆخۆم یەکێکم لەوانە کە حەزم زۆر لە مۆسیقای کلاسیکە، بۆیە گرنگیپێدان بەم جۆرە مۆسیقایە وەستاوە لەسەر هونەرمەند، بێگومان وەك گوتم، بەشێك لە هونەرمەندان حەز بەم جۆرە مۆسیقایە دەکەن و هەوڵ دەدەن تێیدا سەرکەوتوو بن.

رۆژان کە خۆی خەڵکی سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانە، پێیوایە ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستانیش هەن کە هەوڵیانداوە و بەردەوامیشن لە هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی رەسەنایەتی هونەری کوردی و دەڵێ:

- ژمارەیەکی زۆری هونەرمەند هەن لە شێوازگەلی جۆراوجۆر کە بە تایبەتمەندی و توانایەکی زۆرەوە مۆسیقای رەسەنی کوردی پێشکەش دەکەن، کە ناتوانم ناوی هەر هەموویان بینم، چونکە رەنگە من بەشێکیان نەناسم، یان نەمدیتبن و زۆر سەرکەوتووانەش لەو بوارەدا کار بکەن، لێرەدا بە پێویستی دەزانم باس لە لایەنێکی گرنگی مەقاماتی کوردی بکەم کە زۆر گرنگە بۆ ناساندنی هونەری کوردی و تایبەتمەندییەکانی، چونکە مەقام بە ستوونە بنەڕەتییەکانی مۆسیقای کوردی دادەنرێت کە لە دێرزەمانەوە وەك کەلتوورێکی زیندوو بۆ ئێمە ماوەتەوە و هەر زووش هەبووە لە نێو کورددا بە شێوازی جیاجیا و وەك بە شەکانی تری هونەری کوردی جەماوەر و هەواداری خۆی هەبووە، ئێستاش هەیەتی، دڵنیام لە دوارۆژیشدا مەقام هەواداری خۆی دەبێت، هەر بۆیەش زۆر لە هونەرمەندان گرنگی پێدەدەن و هەمیشە لە بەرهەمەکانیان مەقام شوێنی هەبووە، تەنانەت هونەرمەندی وا هەن، کە بەرهەمیان هەیە بە تەنیا لە مەقام پێکهاتووە.

سەبارەت بە پاراستنی هونەری رەسەنی گەلان و چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم کارە لەم سەردەمەی ئێستاماندا کە جیهان بچووك بووەتەوە و جۆرەها هونەری نوێ پەیدا بوون و بەربڵاون، رۆژان جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر بەشێکی گۆرانی و مۆسیقا گوێگر و هۆگری خۆی هەیە، نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە لە وڵاتێکی گەورەی وەك ئەمریکا گرنگییەکی تایبەت بە شێوەی مۆسیقای کلاسیك دەدرێت و هاوکات دەڵێ: هۆکاری بە زیندوومانەوەی هونەری کلاسیك و هەر بەشێکی دیکە لە هونەر بۆ بوونی جەماوەرەکەی دەگەڕێتەوە .

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا هەوادارانی هونەری کۆن و فۆلکلۆر ماون، یان فۆلکلۆری خۆیانیان لەگەڵ هونەری سەردەم گونجاندووە؟ خانمە هونەرمەند رۆژان گوتی: هەموو ستایلە هونەرییەکان بە شێوازی جیا بەکاردەهێندرێن، بۆ نموونە هونەری کلاسیك بە شێوەی تایبەتی خۆی بە کاردەهێندرێت و مۆسیقای ئاوێتە لەگەڵ ئەم هونەرە لە گۆرانی و بڕگەگەلی جۆراوجۆر بە شێوەی نوێ بەکار دەهێندرێت.

ئەو خانمە هونەرمەندە بە حوکمی ئەوەی خەڵکی سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانە و تا رادەیەك پێوەندی لەگەڵ هونەرماندانی ئێرانی هەیە، زۆر ئاساییە ئەگەر بەشێوەیەك لە شێوەکان سوودی لێیان وەرگرتبێ، لەم بارەیەوە رۆژان دەڵێ: بێگومان سوودم لێ وەرگرتووە، چونکە زۆر لە یەکتری دوور نین، بۆیە لە بەشی مۆسیقای کلاسیك کەڵکی زۆرم وەرگرتووە و لە شیعرەکانی مەولانا و حافز و ئەو شارەزایی و ئەزموونەی لەوانەوە فێر بووم بۆ خزمەتی هونەری کوردیم بەکارهێناوە، بەڵام مۆسیقای کوردی زمانی هەست و دایکی منە و پێوەندی خۆشەویستیی زۆرم لەگەڵی هەیە، هەروەها زمانی فارسی زمانی دووەمە بۆ من، کە هەست و گیان دەدا بە شیعر. من پێشکەوتنی خۆم زیاتر لە زمانی کوردیدا دەبینم.

